## ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن جەمال چاوشینەوە.

برا کاك جمال چاوشين وەندەرێنە سڵاو و ڕێزم هەیە بۆت، کاکە گیان ماوەیەك لەمەوبەر لەوەڵامێکم بۆ (کونجرینی) ڕێکەوت 15-10-2005 ڕوونم کردەوە کەمن کێم هەروەها کەمێك زیاتریشم نووسی لەسەر خۆم بۆ ئەوەی کەزیاتر بمناسیٚو نەبێتە گریٚ کوێرە لەلای، هەروەها ئەم ڕوونکردنەوەیەش دەنووسم بۆ بەڕێزتان تاکو ئێوەی بەڕێزیش بمناسن.

برا من ناوم (جمال) ە لەدایك بووی شاری سلێمانیم لەگەڕەکی خەبات لەقەبی (چاوشین) لەساڵەکانی 1980 بەدواوە وەرمگرتوە پێش ئەوەی ببم بەپێشمەرگە، براکەم لەقەبی چاوشین بۆ هەریەکێکمان جێگەی ناوی باوکمانی گرتۆتەوە بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کەناوی باوکمان چاوشین بێت، لەکاتێکدا ئەگەر ناوی باوکی هەردووکمان یەك ناوی لەیەکچووبێت هیچ گرنگ نیە لەبەر ئەوەی (من، تۆ) بیر کردنەوەمان وەك یەك نیە.

کاکە جمال وەندەرێنەی من ڕەخنە لەناڕاستیەکان دەگرم کە بە بیرو بۆچوونی خۆم ناڕاستن، هەروەها لەبەر ئەوەی ئێستا دیسپلینی حیزبیم نیەو وابەستەی هیچ حیزبێك نیم ڕەخنەکانم لەڕێگەی سایتە کوردیەکان بەتایبەتی کوردستان نێت بڵاو دەکەمەوە، کوردستان نێت ئەدرەس ئیمێڵم دەزانیٚ خۆم بە بەرپرسی نووسینەکانم دەزانم ئامادەی هەموو پەرچدانەوەیەکم، منیش ئاگاداری هەموو لایەنێك دەکەم کەئەو (جمال چاوشین وەندەرێنە) من نیم، منیش لەگەڵ بیرو ڕایی جیاوازمو لایەنگری ئازادی مرۆڤم.

برایان، کوردستان وەك ئەوروپا نیە کە ژمارەی خانوو ژمارەی شەقام یان ئەدرەسی تایبەت هەبیٚ ئەگەر لەکوردستان ئەوانەی باسم کرد هەبوایە بەدڵنیاییەوە هەموویانم ئەنووسی تەنها ئەدرەسێك کەزۆر باوەڕ پێکراو بێت ئەوەیە لەساڵی (1979 لەناوەندی جمهوری) بووم کەدەکەوێتە نێوان گەڕەکی سەرشەقامو گەڕەکی جوولەکانەوە.